# کوردو ئەرمەن..

## خوێندنەوەیەک بۆ پەیوەندییە مێژووییەکان




فارس عوسمان
و: باوکی پایان

کتێبی (کوردو ئەرمەن.. پەیوەندییە مێژووییەکان)، بە حوکمی فاکتەری مێژوویی‌و جوگرافی، تیشک دەخاتە سەر خاڵە ڕووناک‌و تاریکەکانی مێژووی پەیوەندی نێوان ئەرمەن‌و کورد، دانەری کتێبەکە ئەوە ئاشکرا دەکات، کە سەرکردەی ڕاپەڕینی میللی «شێخ عوبێدوڵلای نەهری»، سووربووە لەسەر ئەوەی ستەم‌و چەوسانەوەی دەسەڵاتدارانی تورکی‌و ئێرانی ڕەتبکاتەوە، هەروەها بە پێویستی زانیوە لەگەڵ گەلانی هاوسێی گەلی کورد نزیک ببێتەوە، بەتایبەتی گەلی ئەرمەن، ئەم هەڵوێستەی لەو کۆنگرەیەدا ڕاگەیاندووە کە سەرکردە کوردەکان بۆ خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین بەستبوویان.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە ئەنجامی بینین‌و بەیەکگەیشتنی نوێنەرانی هەردوو گەلی کوردو ئەرمەن، پەیوەندی نێوان هەردوولا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بە تایبەتی دوای کودەتاکەی حزبی (ئیتحادو تەرەقی)، بەسەر سوڵتانی عوسمانی «عەبدولحەمیدی دووەم»و دوای بڵاوبوونەوەی دەستووری عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٨و ڕاگەیاندنی یەکسانی لەنێوان گەلانی عوسمانیداو بەرزکردنەوەی دروشمی (ئازادی، برایەتی، یەکسانی)، هەروەها بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو کۆمەڵەو یانە ئەرمەنی‌و کوردییەکان، کە بانگەوازی یەکگرتن‌و یەکڕیزییان دەکرد، هۆکارگەلێکی دیکە بوون بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەو دوو گەلە، گرنگترین بەڵگەش بۆ ئەوە، ڕاپەڕینی (بەدلیس)ی ساڵی ١٩١٤، کە پێش بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانیی دەستپێیکرد، یەکێک لە بەڵگە زۆر ڕوون‌و ئاشکراکان کە دەریدەخات دوای شۆڕشی «شێخ سەعیدی پیران»، پەیوەندییەکی تۆکمەو گەرموگوڕ لە نێوان کوردو ئەرمەندا هەبووە، بریتییە لە بوونی پەیوەندییەکی گەورە لەنێوان حزبی (یەکێتی شۆڕشگێڕی ئەرمەنی)، لەگەڵ حزبی (خۆیبوونی کوردی)، ئەم پەیوەندییە پاش کۆمەڵێ یەکتربینینی هەندێ لە ڕابەرە کوردەکان، لەگەڵ نوێنەرانی گەلی ئەرمەنی لە کوردستان‌و لە تاراوگە هاتەئاراوە، دواتر

ئەم یەکتربینینە لە سوریاو لوبنان درێژەی پێدراوەو بەردەوام بوو. پەیوەندی نێوان کوردو ئەرمەن لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا زیاتر بەرجەستەبوو، ڕۆژنامەی کوردستان (کە لە ٤ ی نیسانی ١٨٩٨، لە قاهیرە دەرچوو، ئەوە یەکەم ڕۆژنامەی چاپکراوی کوردی بوو بە سەرۆکایەتی مقداد بەدرخان)و ڕۆژنامەکانی دیکە ڕۆڵێکی زۆر گرنگو بەرچاویان گێڕا بۆ ڕێگەگرتن لە دەسەڵاتدارانی تورکی، کە دەیانویست بە هەر ئامرازو ڕێگەیەک بووە، تۆوی دووبەرەکیو ناکۆکی لەنێوان کوردو ئەرمەندا بچێنن، ڕۆژنامەکان هەوڵیاندەدا پەیوەندییە مێژووییەکەی نێوان هەردوولا زیاتر پتەو بکەن.

کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی تورکی، کاتێ مۆرکێکی ئاینی بەخشییە بەشداریکردنی خۆی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، دەیویست بەو مۆرکە ئاینییە، کاریگەری لەسەر هەستو سۆزی موسوڵمانەکان هەبێت، لێرەوە کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی لەسەر داوای ئەڵمانیا بەیاننامەیەکی بەناوی سوڵتانی عوسمانی «محەمەد رەشاد» بەو پێیەی خەلیفەی موسوڵمانەکانە بڵاوکردەوە، لەو بەیاننامەیەدا (جیهادی پیرۆز) ڕاگەیەنراو داوا لە موسوڵمانەکان کرا لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن، بە شداری لەم جەنگەدا بکەن، بەو پێیەی ئەم جەنگە ئەرکێکی ئاینیی پیرۆزە. ئیدی دوای خۆئامادەکردن زۆر بە وردیو بەوپەڕی دیقەتەوە پرۆسەی کۆمەڵکوژی (جینۆساید)ی ئەرمەنەکان دەستپێکرد، قۆناغی یەکەمی ئەم پرۆسەیە لەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤ دەستپێکردو تێیدا ١٥٠ هەزار سەربازو ئەفسەری ئەرمەنی کە لەناو سوپای تورکیدا بوون، لەبەرەی ڕوسیا کوژران. قۆناغی دووەمو یەکلایکەرەوە بە شێوەیەکی فەرمی لە شەوی ٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩١٥ بە گرتنی ٦٠٠ کەسایەتی ئاینیو سیاسیو ڕۆشنبیرو زانای ئەرمەنی دەستپێکرد.

لە دوای ئەوەوە پرۆسەیەکی فراوانی ڕاگواستن لە ناوچە ئەرمەنییەکانەوە بۆ بیابانی سوریاو عێراق دەستپێکرد، لەو پرۆسە فراوانەی ڕاگواستنەدا کاری تاڵانیو فەرهودو کوشتنی بێوێنە ڕوویدا، لە نێوان ٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩١٥، بۆ ئاگربەستی (مۆدرس) لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨، لە ڕێگەی کۆمەڵکوژییەکی ڕێکخراوو پلان بۆ دانراوەوە زیاد لە ملیۆنو نیوێک ئەرمەنی کوژران، ئەوەی پەیوەندی بە بەشداریکردنی کوردەوە هەیە لەو کوشتوبڕەدا، دانەر ئاماژە بەوە دەکات ئەو بەشداریکردنە مۆرکێکی تاکە کەسیی پێوەیە، هەندێ لە کوردەکان وەک (تاقمی سوارەی حەمیدییە) تەمسیلی دەسەڵاتی تورکەکانیان دەکرد، چونکە ئەوانە بەشێک بوون لە سوپای عوسمانی، ئەوانە نوێنەرایەتی گەلی کورد نەبوون. بەشی هەرە زۆری کوردەکان بەشدارنەبوون لەو قەسابخانەیەی ڕووبەڕووی ئەرمەنییەکان کرایەوە، چونکە کوردەکانیش بۆ خۆیان لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە دەچەوسێنرانەوە.

دوای ئاگربەستی (مۆدرس)ی ساڵی ١٩١٨و خۆبەدەستەوەدانی دەوڵەتی عوسمانی، چەند نوێنەرێکی کورد ڕۆیشتوون بۆ حەلەب، لەوێ دەسەڵاتدارانی بەریتانیایان بینیوەو بۆیان ئاشکرا کردوون کە بۆ ماوەی چوار ساڵ، بە هەزاران ئەرمەنییان لە گوندو دێهاتەکانی خۆیاندا شاردووەتەوەو پاراستووە.

ئەم کتێبە شایەنی ئەوەیە بخوێنرێتەوەو یەکەم کتێبە بەشێوەیەکی بابەتیانەی دوورودرێژو بە زمانی عەرەبی باس لە پەیوەندییە مێژووییەکەی نێوان کوردو ئەرمەن دەکات. دانەری کتێبەکە ناوی «فارس عوسمان»ە، لە ساڵی ١٩٨٤ لە زانکۆی دیمەشق مامۆستای وانەی مێژووە، جگە لەم کتێبەی ئێستای، کتێبێکی دیکەی هەیە بەناوی (زەردەشتو ئاینی زەردەشتی)، کە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە دەزگای (دار المحبە)ی دیمەشقی بڵاوکردووەتەوە. لە گۆڤارە ناوخۆییو عەرەبییەکاندا توێژینەوەی مێژووییو فیکری دەنووسێت.

**ناوی کتێب:**
کوردو ئەرمەن...پەیوەندییە مێژووییەکان
**نووسینی:** فارس عوسمان
**بڵاوکراوەی:** دار الینابیع- دیمەشق ٢٠٠٨
ژمارەی لاپەڕە: ١٥٧ لاپەڕەی گەورە
**سەرچاوە:** مسارات البیان ٢٠٠٩/٢/١